# خاچی سوور کۆمەک بەسەر ئاوارەکانی قەندیلدا دابەش دەکات





**دیاری محمد**

هەفتەی ڕابردوو نوسینگەی سلێمانی خاچی سووری نێودەوڵەتی کۆمەکی بەسەر(520)خێزانی ئاوارەی قەندیل دا دابەشکرد لەڕوونکردنەوەیەکدا نوسینگەی سلێمانی هاتووە کۆمەکەکە بریتیە لە (35کیلۆ برنج و 25کیلۆ خۆراکی دی وەك ڕۆن شەکر و فاسۆلیا و کەل و پەلی پاکژکردنەوە لەناوچەی دەرەکۆتری لەپشت ناحیەی سەنگەسەر پرۆسەکە بەرێوەچوو شایانی وتنە هەرلەسەرەتایی دەستپێکردنی ئەم تۆپبارانەوە خاچی سوور نوسینگەی سلێمانی کۆمەکی بەسەر (236)ماڵی تردا دابەشکرد پێویستە بوترێت خاچی سووری نێودەوڵەتی وەکو ڕێکخراوێکی بێلایەنی سەربەخۆ و مرۆیی کاردەکات بۆ هاوکاری کردن و کۆمەك کردنی ئەو هاولاَتیانەی بەهۆی توندوتیژی چەکداری شوێنی خۆیان جێدەهێڵن خاچی سووری نێودەوڵەتیش لەسەر بنەمای مرۆیی و بەپێی ئەرکە نێودەوڵەتیەکەی بەهانای ئەم خەڵکەوە دەچێت دابەشکردنی ئەم کۆمەکە ئاوارەکانی بناری قەندیلی خۆشحاڵ کرد بەڕادەیەك کەئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد ئەگەر خاچی سوور بەهانایانەوە نەهاتبا لەسەرەتای تۆپبارانە تائێستا چاوەڕوانی کارەساتی مرۆیی دەکرا بەلاَم هوشیار مستەفا لەخاچی سوور ئەوەی ڕوونکردەوە کەکرێی ئاوی خواردنەوەش دەگرنە ئەستۆی خۆیان،